کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 2:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دووجارخنکان ... حەمید قەڵادزەیی**

q. qaladze@yahoo. com



قەڵەمێك لەئیراك..
مەرەكەبێك لەشەونم..
تیانوسێك، پاكیزەتر لەزوڵمەتی
پەڕەی گوڵ..
بەفەرمانی پاشای ئاغەڵ..
لەسەر سەكۆی، دیوەخانی
ئیبیرەیدا لەخاچ دران!..
كەچی لەژێر بڵندگۆی فتوادا..
لەپەسیوەكانی تاریكی.. و
لە سەر مێزی دەسەڵاتا..
سەدان گەڵاو دەیان خونچە..
هەزاران مرواری و فریشتە..
باهۆزی ئارەزوو..
پەرژینی شانازی دەدڕێنی!..
هاواریشیان، لەكەلاوەكانی هۆش.. و
تونێلە تاریكەكانی باوەڕو بەزەیدا
دەخنكێنی!..
2006 ـ ڕانیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.